www.kurdistannet.org
17-2-2003 12:25

گەرتێکدەر و تیرۆریست نەبن، تورکمان (T. N. T) بۆچییە ؟!

فریاد هیرانی *
friadhirani@yahoo.com

لەم چەند رۆژەدا، سەرچاوەیەکی تایبەت بە رۆژنامەی (سبەی) لە شاری هەولێر راگەیاند کە ئاسایشی هەولێر و دامودەزگا ئەمنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، تۆڕێکی تێکدەر و تیرۆریستیان دەستگیرکردووە کە هەر هەموویان ئەندام و کادری (بەرەی تورکمانین) .

شایانی ئاماژە پێدانە کۆمەڵێك کەرەستەی تەقینەوە و بڕێکی زۆریش لە ماددەی (T. N. T) یان لێگیراوە، ئەم سەرچاوەیە بەپێی زانیارییەکانی خۆی دەڵێت ئەم تۆڕە بەنیاز بوون کۆمەڵێك تەقینەوە و کاری تێکدەرانە ئەنجام بدەن دژ بە دامودەزگاکانی یەکێتی و پارتی، بەو نیازە گلاوەی کە درز بخەنەبەردەم پرۆسەی ئاشتی نێوان یەکێتی و پارتی، هەمان سەرچاوە ئاماژە بەوەش دەدا کە مسۆگەر بەرەی تورکمانی لەم فەزیحەیەدا تێوەگلاوە !

تا ئێرە ئەمە هەواڵ و زانیاری ئەم سەرچاوە باوەڕپێکراوەیە، بێجگە لەمەش لە ناو خەڵکیشدا بۆتە دەنگۆیەکی بلاو.

دیارە ئەم جۆرە کارە تیرۆریستیانە بە نسبەت تورکمانەکانی ناو ئەو لایەنە تورکمانیانەی کە سەربەتورکیان شتێکی ئاساییە، بەڵام نا ئاساییەکەی لەوەدایە ئێستا بارودۆخەکە لە قۆناێکی ناسك و هەستیار دایە، عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی رووە و گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی دەچێ، ئەمەریکا هەرچی گوشاری خۆی هەیە بەکاریهێناوە بۆ جێبەجێکردنی رێکەوتننامەی واشنتۆن، بۆئەوەی لە دۆخێکی ئاسایی و ئاشتی کوردستانەوە هەنگاو بنێ و پێ هەڵگرێ بۆ گۆڕانی رژێمی عێراق. ئەوەی جێی سەرنجە تا ئێستا تورکیا خۆی بە هاوپەیمانی ئەمەریکا دەزانێ، گرتنی کۆمەڵێك کەسیش کە بەنیازی تێکدانی ئاشتی نێوان پارتی و یەکێتی کاریان کردووە گەر سەربەدەزگای (میت) ی تورکیا بن، ئەوا پێموایە تورکیا لەبەرامبەر ئەمریکییەکان خراپ لەسەری دەکەوێت (کە بەدڵنیاییەوە دەزگایەکی لەم بابەتە لەپشتیانە) .

لێرەدا پێویستە ئیستێك بکەین بەرامبەر ئەو لایەنە تورکمانیانەی کە لە رووکەشدا داوای مافی کەمایەتی تورکمان دەکەن، بەڵام ژێربەژێر و بەکردەوە کار بۆ تێکدانی دۆخی کوردستان و ئاشتی دەکەن، ئەمانە بەهیچ شێوەیەك نوێنەرایەتی برا تورکمانەکانی باشووری کوردستان ناکەن بە پێچەوانەوە ئەمانە کۆمەڵێك بازرگانانی شەڕ و ئاژاوەن و، قوتابی خوێندنگەیەکی شۆڤێنی و پڕ

رق و کینەن دژ بەکورد، شوڤێنییەت و رق و کینەکەیان بەجۆرێکە گەر لە دەستیان بێ ناوی کورد و کوردستانیش دەسڕنەوە، ئەم ئامانجانەیان شاراوە نییە ئەوەتا نەخشەیەکی جوگرافی خەیاڵییان بۆ خۆیان دروستکردووە، کە بەپێی ئەم نەخشەیە بێ لە باشووری کوردستاندا تەنیا چەند گوندێك کورد نشینن و باقی ناوچەکانی تر تورکمانن !!

جێی وەبیرهێنانەوەیە ئەم دۆخەی ئێستا کە لەلایەك (پشتیوانانی ئیسلام) بەردەوام خەریکی کاری تیرۆریستین دژ بە ئەزمونی کورد، هەوڵی ئەم تێکدەرانەش هاوکاتە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم باندە تیرۆریستییە بەبەرنامەیەکی داڕێژراو کاریان کردووە بۆ لەبەینچوونی ئاشتی و تێکدانی دۆخی کوردستان.

لە کۆتایدا جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە دامودەزگا ئەمنییەکانی هەولێر بکەین کە توانیویانە ئەم هەوڵە ترسناکە پوچەڵبکەنەوە و دەستگیریان بکەن، هیوادارین دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوە هەموو بەڵگە و دان پیانانەکانیان لە دامودەزگاکانی راگەیاندن بڵاو بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو لایەك و دەوڵەتانی دەوروبەریش و ئەمەریکاش بەتایبەتی بزانن کە جگە لە ئیسلامییە توندڕەوەکان تیرۆریستی تریش هەن !! هەقە هەر دوو ئیدارەی کوردی مۆڵەتی یاسایی کاری حزبایەتی لە هەر حزبێك وەربگرنەوە، کە تیرۆرو کاری تێکدەرانە بکاتە بەرنامەی خۆی.

*سەرنووسەری رۆژنامەی (سبەی) ، کە رۆژنامەیەکی ئەهلی ئازادە لە باشووری کوردستان دەردەچێت

تێبینی / لەبەرئەوەی (سبەی) دوو هەفتە جارێك دەردەچێت بەپێویستمان زانی ئەم هەواڵە گرنگە لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا زوو بڵاوبێتەوە لە سایتی (کوردستان نێت) ی بەڕێز بۆ ئەوەی کۆن نەبێ و گەلی کورد لێی ئاگادار بێ.

تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت..... 2003-1-15